# له یادی کرێکاری هەڵسوڕاوی ئایارەکانی کوردستان
# (وەستا حمەئەمین)دا

وەستا حمە ئەمین ناسراو بە(مام حمەمین) کرێکاری بیناسازی لە تەمەنی (65) ساڵی دا لە ڕۆژی 2006/12/17 دوای نەخۆشی درێژخایەنی دڵ و لەکارکەوتنی پێیەکانی بەهۆی ڕوداوی لێدانی ئۆتۆمبیلەوە لە چەند ساڵی ڕابردو بۆ هەتا هەتایە کۆڕوکۆبونەوەکانمانی بەجێهێشت وجێگەی لەناومان خاڵیە ئەو هاوڕێ ئازیزەمان لەدەستدا ...

(مام حمەمین) هەر لەسەرەتای دروستبونی یەکێتی بێکارانەوە لە یەکەمین کۆبونەوەی گشتی دا لە باخچەی گشتی سلێمانی لە 1992/11/6 بووە ئەندامی نوێنەرایەتی ئەو ڕێکخراوەی کە هەر زووبووە ئەو شوێنە باوەرپێکراوەی کرێکاران و بێکاران وجێگەی ئومێدو ڕێکخراوبونیان ، وەکو کەسێکی خاوەن ئەزموونی سیاسی وسەندیکاییی ساڵەکانی کۆتاییی پەنجاکان و شەستەکانی ناو حیزبی شیوعی هەرزوو بەم ڕێکخراوەیەوە پەیوەست بوو لە هیچ چالاکیەکدا دووانەکەوتووە یەکێك بووە لە هەرە هەڵسوڕاوە دڵسۆزەکان بۆ بزوتنەوەکەی زۆربەی کاتی خۆی ماندو نەناسانە بۆ هەڵسوڕان لە یەکێتی بێکاران و یەکێتی بیناسازی دا تەرخان کردبوو،(مام حمەمین) بەباوەڕی پتەوی بە کۆمۆنیزم و هاوڕێ هەڵسوڕاوەکانی زۆر دڵگەرمانە لە دوای دروست بوونی (حیزبی کۆمۆنیزمی کرێکاری عێراق) بووە ئەندام تیایدا و بۆهەموو بۆنە حیزبیەکان ئامادەبوو.

کێ هەیە ڕۆژێك سەردانی ئەم ڕیکخراوانەی کردبێت وئەم سیما بەتەمەن وماندو نەناسە پێشوازی نەکردبێت و وەك یەکێك لە سیما دڵسۆزو خۆشەویستەکانی نوێنەرایەتی بێکاران پێشوازی لە ئەندامە نوێیەکان دەکرد وزۆر بە خەمخۆری و دڵسۆزیەوە قسەو باسی بۆ دەکردن و بایەخ وگرنگی ڕێکخراوبوونی پێ ئاشنا دەکردن و بانگەوازی دەکردن هەرچی زووە بەم ڕێکخراوانەوە پەیوەست بن ، لە ئایارەکانیشدا (مام حمەمین)شەقامەکانی شاری دەکردو بەیاننامەکانی بلاوەکردەوە ولافیتەکانی هەڵدەواسی وهەتا دوواین ساتەکانی ووزەی قاچەکانی لە ئایاری 1999-2000 دا بەو بینانیانەی شاردا دەگەڕا کە کرێکاران کاریان تێدا دەکردو لەگەڵ هاوڕێیانی بیناسازی لە کۆڕو کۆبونەوە کرێکاریەکاندا دەکەوتە گفتوگۆو لەسەر پێویستی ڕێکخراوبون وشکۆدارکردنی ڕۆژی هاوپشتی جیهانی کرێکاران قسەی بۆ دەکردن و بەدەستە قڵەشاوو ماندونەناسەکانی خۆی شیرینی ئەم یادەی بەناو کرێکاراندا دەبەخشیەوەو پیرۆزبایی لێدەکردن، لەسیمایدا ئومێد وباوەڕی تەواوی ئەو بەرزگاری ئینسان وبەشمەینەتان و لەدەست نیزامی سەرمایەداری و ڕاوەستاوی و جەسارەتی کارو هەڵسوڕانی ئەو هاندەربوو بۆ ئێمەش و سەرجەم هاوڕێیانی و زۆر یادەوەری خۆشی لەگەڵماندا بەجێهێشت و هەریەکە لە هاوڕێیان بەخوێندنەوەی ئەم یادە ڕۆژەکانی خەبات و هەڵسوڕانی خۆی بیردێتەوە لەگەڵ (مام حمەمین) ئێمە بۆخۆمان زۆر شت هەیە باسی بکەین و بیگێڕینەوە لەوانە دوای ڕگەیاندنی یەکێتی بێکاران 1992بۆ پێدانی بنکە چوینە بنکەی بەرەی کوردستانی ئەویش لەگەڵمان بوو هێشتا تازە بوو لەناوماندا کاتێك بەرێگری و ناشرینی وەڵامیان پێدانیەوە لە هاتنە دەروەدا ئە نەختێك دوواکەوت لەسەری وەستاین کە هاتە دەرەوە وتمان وەستا گیان چی بوو بۆ دوواکەوتیت ووتی(پێم گوتن من ئیتر بنکە بۆ خۆمان ئەدۆزمەوە بۆ هەتا هەتایە لەگەڵ ئێوە نەماوم) (واتە تا ئەو ساتەش کە ئەو لە یەکێك لەو حیزبانەی بەرەدا بوو کە ئەوەی لێبیستن زوو زانی ئەوان دژی چینەکەی ئەون و بۆیە یەکسەر وازیهێنا لێیان) یەکێکی تریان ڕۆژێکیان لە خەستخان کەتبوو زۆر هیلاك بوو بە هاوڕێ (فەرهاد فرج)دەڵێن کە (مام حمەمین)هیلاکە فرمێسك بە چاوەکانیدا هاتە خوارێ ووتی (ئای مام حمەمین تۆ پێویستی بۆ ئێمە بەداخەوە ،خەڵکێك هەیە بۆتە بار بەسەر کۆمەڵگەوە کەچی تەمەنی زۆرە) ، یادی یەکی ئایاری 2004 بوو بەو وەزعە خراپەی کە پێکانیشی لە کار کەوتبوون بە دوو دارشەقەکەیەوە هاتبوو خێزان و دراوسێکانیشی لەگەڵ خۆی هێنابوو بۆ مەراسیمەکە بەشۆڕو شەوقێکەوە هاتبوو کە ببوە هۆی ئەوەی زۆرێك لە هاوڕێیان پاپورەیان لە دەوری ئەو هاوڕێ ئازیزە دابوو ...ئەم ئازیزەمان یادەوەری زۆرە مەگەر تەنها لە مێژوی بزوتنەوەی کرێکاری ویادەوەری هەر یەکێکماندا بینوسینەوە کە هەر کۆتاییی نایەت وهێشتا مشتێکە لە خەرمانی پڕسەروەری و هەڵسوڕانی ئەو بۆ ڕێکخراوکردن و ڕزگاری هاوچینەکانی...

لە پێشوازی یەکی ئایاری 2007 دا یادی سەرجەم هەڵسوڕاوانی گیانبەخت کردوی بزوتنەوەی کرێکاری و یەکی ئایارەکان و بەتایبەتی (مام حمەمین)ی خەباتکار بەرزو بەرێزدەکەین ،بۆ هەمیشە خەباتی ئەوان بەرزو شەکاوە ڕادەگرین ...

بژی یەکی ئایار ڕۆژی هاوپشتی خەباتی چینی کرێکار لە جیهان

وەستا حسین صالح و ئەکرەم چاوشین